بی‌یـان لە بوخارست)یشمان لەبـەر درێـژی‌و هاوبـابەتی کرد بـە
ەڵەیەکی‌تر • کۆمەڵـەکانی‌تریش ئەمـانەن : (لـە کۆڕی خەباتـا) ،
ەرێت) ، (پیەس لە یەك پەردەی کورتا ) ، (شیعری گەپ) ، (سروود) ،
رگێڕراو) ، (بۆ زاخاوی مێشك) کە ئەو مەتەڵە شیعری‌یانەی تیـایە
ۆستا وەختـی خـۆی بۆ خوێنـدەوارانی ژینـی دانـاون‌و لەوێـدا
ی‌کردوونەتەوە • دوا کۆمەڵەیش شیعری (هەمە جۆر)ە • دیارە ئێمـە
جویێ‌کردنەوەی ئەم کۆمەڵانەدا [ لە (بەهەشت‌و یادگار)و (فرمێسـك‌و
ەر)دا نەبێ ] ئەوەمان ڕەچاو کردوە هەر پارچە شیعرێك لە شوێنێـکا
ێن کە بۆی بگونجێ [٣] •

بەم‌شێوەیە کارێکمان کردوە ئەوەی ئارەزووی لە هەر جۆرە شیعرێکی
ران بێ لەجیاتیی ئەوەی بە پێڕستی سەرانسەری دیوانەکەدا بگەڕێ ،
نێ بەپێی بابەت پێڕستی کۆمەڵەکەی تەماشا بکاو شیعرەکە بدۆزێتەوە •

* * *

مامۆستا گۆران خۆی هەندێ وردە پەراوێزی لە (بەهەشت‌و یادگار)و
ێسك‌و هونەر)ەکەیداو هەروا لەسەر چەنـد پارچەیـەکی کۆمەڵـەی
وشت‌و دەروون)یش نووسیوە• ئێمە ئەو پەراوێزانەی ئەومان وەك خۆیان
کردوەتەوەو، خۆیشمان لە هەندێ شوێندا هەندێ پەراوێزمان نووسیوە•
ەبەستی تێکەڵی یەك نەبوونی ئەو پەراوێزانەی ئێمەو مامۆستا ، لە داوێنی
اوێزەکانی خۆمانەوە نیشانەی (م•م•ك•)مان داناوە • بەم‌جۆرە هـەر
اوێزێك لەم دیوانەدا ئەو نیشانـەی پێوە بێ هیی خۆمـانەو هەرکامیش
ەوە نەبێ هیی مامۆستا گۆران خۆیەتی •

* * *

---

لەم بابەت بەندی‌یەماندا کەڵکمان لە بـابەت بەنـدی‌یەکەی کاك جـەلال
دەباغیش وەرگرتوە کە پێشتر لێی دواین .

## جیلوەی شـانۆ

**ـ بۆ پەریی سەما ـ**

لە جەرگی پەردەوە تك ، تك دڵۆپی عوود ئەڕژا ،[1]
بە نووکی تەئثیری
تەرەب ئەهاتە خورۆش ، تالعی سروور ئەپژا !
بە ئاهی دڵگیری :

کەمان ــ شەهیقو زەفیری فریشتەیی ئەلحان ــ
ئەکەوتە ناو دڵی مردوویش هەناسەیی هەیەجان ! [2]

نەوایی مۆسیقی ،
کە مەخرەجی سیحری
تەلێکە پێ ئەکەنێ ، یا کوێکە حوزن ئەگری ، [3]
بە سۆزی تەشویقی ،

مەتاعیبی گوزەران ،
هێواش ، هێواش ئەتکێتە دەروونی نیسیاێك

---

(١) جەرگ : دیوی ناوەوە (بە مەجاز) .
(٢) هەناسە : تەنەففوس ، نەك ئاخ .
(٣) وەك تەلی (تاری) کەمانو کونی شمشاڵ .

ئاخ ، هاوڕێی تەمەڵ ، حەڵوای ئاردی جۆ !
چۆتان خستینە گەرمای نیوەڕۆ ؟

( ٣ )

سوار بووین ، کەوتینە بناری سەیوان ، (٤)
ڕووی دنیا ڕووناك ، بەیانی زۆر جوان !

شینایی دەشتی ( تەکیە )و بەرەوخوار (٥)
پاراو بوو چەشنی ئەگریجەی نازدار !

گوڵەبەڕۆژەی قژ زەردی چاو کاڵ ،
مل کەچ وەستابوو : سەرگەرمی خەیاڵ !

لەسەر قەبرەکان داری ئەرخەوان ،
وەك بووکی تارا سەوزی ئاودامان ،

ڕوو لە عەرشی پاك ئەلەرایەوە ،
بۆ گیانی مردوو ئەپاڕایەوە !

سەیوان کەوتە پشت ، بەرەو تانجەرۆ
بە نەرمە غارو ڕەوتی خۆش بڕۆ !

لای ( قەرەتۆغان ) سەرم هەڵبڕی ، (٦)
ئاڵتوونی زەردەی لووتکەکانم دی ! ..

---

(٤) سەیوان : گۆڕستانی بەناوبانگی سولەیمانی .
(٥) تەکیە : جێگایەکی دەشتو شینایی‌یە لە ناوەندی گردی سەیوانو شاردا.
(٦) قەرەتۆغان : گوندێکە نزیکی سولەیمانی .

( ٤ )

ڕێـــگای دێهاتی دەمی بەیانی ،
قەڵەباڵغە بۆ سولەیمانی ...

پۆل پۆل ژنو پیاو لە دووی کەرو بار ،
سلاوێك ئەکەن مل ئەنێن بۆ شار !

ئەم کۆمەڵانە تیایەتی ، جار جار ،
جوانێکی لاوی کۆڵەوانە لار ،

سەر تا پا خشڵی زیوی وا پێوە ،
ئەڕواو هاڕەی دێو ئەبریقێتەوە !

لەعاستت سڵێك ئەکا بۆ لاڕێ ،
بە نیو نیگای مەست تێیشت ئەنواڕێ ...

ئەی جوانی لادێ بە سەرنجو سڵ ،
لێت وروو‌ژاندم خەیالاتی دڵ ،

ئیتر .. جلەوە شلەو ، سەرە شۆڕ ،
ئاوات خواستنەو خەوبینینی زۆر !

( ٥ )

ڕۆژ ڕمێك بەرز بوو ، داپەڕینە چەم ، (٧)
ئاو شین ، مەرەزە سەوزو گوڵ بە دەم ..

عەکسی سەوزاییی ڕووی پڕ لەڕەی ئاو ،
تیا ئەشکایەوە پرشنگی هەتاو !

---

(٧) مەبەست لە چەم چەمی تانجەرۆیە .

لە بەردەممانا هاوڕێکانیتر ،
بە چۆکا هاتن وەك یخی حوشتر ! •••

(١٦)

لەبـەر کەپرێکا ڕۆشنایی ئـاگر ،
دای بە تاریکیی شەوی ناودێ دڕ

شمشاڵ بە ناڵەی لەرەو لەرزەدار
دەماندی کوورەی دڵی هەرزەکار •••

لە دەوری ئاگر حەڵقەی چۆپیی کوڕ
ترپەی پێی ئەهات وەك لێزەمەی خوڕ !

سەر چۆپی کێشی قۆزی چۆپیزان ،
پاش هەڵسانەوەو نووکی پێ بادان ،

لە ژوور سەریەوە دەستو خەنجەری
چەشنی چەخماخەی ئاسمان ئەلەری •••

شمشاڵژەن ئەینا بۆ هەچ لایەك ڕوو
ئەو لایە کەڵلەی زۆرتر گەرم ئەبوو •

هەر چۆكدادان بوو هەڵسانەوەو ( هەی ! )
سۆزی هاواری ناکا « وەی ، وەی ، وەی » (١٧)

مەستی بێشەراب هەرزەکاران ( عیو ! )
خەفەت بابردوو دەردەداران ( عیو ! )

---

(١٧) ناکا : موختەسەری ناکاو ، کتوپڕ .

# ئەی نـەی

ئەی نەی چیە وا بە سۆزو سازی ؟
بۆچ تۆش وەکو ئێمە عیشق‌بازی ؟
یا مەحرەمی ڕازی عاشقانی ؟
بۆ ئاهی دەروونی تەرجومانی ؟

لەبڕێزە دڵی ضەعیف‌و زارم ،
لەو عیشقە مەئالی ئیضطیرابە ،
لەوتایە کە پێوە بێ‌قەرارم ،
لەو سەممە کە موهلیکی شەبابە !

ئامالی عەزیزی نەوجەوانیم
پامالی مەظالیمی زەمـانە ؛
هەر ثانیەیەك لە زیندەگانیم
عەصرێکی هەموو خەمی جیهانە !

ئەی نەی دە بە نەغمەیی خرۆشان
ئەم ناوە بەجارێ پڕ صەدا کە ؛
بۆ ڕۆحی شکستە باڵی نـاڵان
لاوانەوەیەك بە کوڵ ئەدا کە ! ...

نەداتە دەست ئیمپریالیست ؛
لێی قولبدا نۆزدە لە بیست .

گەلێك ئەیویست فەرمانداری
ئاغای نەبێو سامانداری ،

تا دەست باتە دەست ئیستیعمار
بۆ مژینی خوێنی هەژار .

گەلێك ئەیویست ئاغای خۆی بێ
کەلکی گشت : ئامانجو هۆی بێ

نەهێڵێ تیر هەر گا خۆر بێ ،
سکی برسیش تا دێ زۆر بێ ..

پۆشتە لە جل دۆلاب پڕ کا ،
بەشی لات هەر دەرپێی شڕ کا ..

گەلێك ئەیویست کە ڕێی ژیان ،
بۆ پێش چاوی هاونیشتمان ،

ڕوونکاتەوەو ڕوونتری کا .
لە بەهرەی خوێندن پڕی کا .

دەرگای دەزگای پیشەو هونەر ،
بۆ ڕۆڵەی جووتیارو ڕەنجبەر ،

وا بخاتە سەر گازی پشت :
خۆزگەی بێتەدی کۆمەڵ گشت ..

گەلێکیوا ئازاو سەربەست ،
بە باوەڕی ئازادی مەست ،

مێشك ڕووناك ، پڕ لە هێز لەش ،
خۆبەختکەر ، بە خەبات چەش ••

زنجیرێکی تیئالابوو :
هەر هەڵقەی هەزار بەڵا بوو ••

زنجیر : زنجیری دیلی بوو ،
بۆ ئیستیعمار زەلیلی بوو ••

کلیل بە دەستی زنجیری
( کویسلینگ )ی ماك : سینگمان ڕی[3]

چاوی زەق ، ڕەپ گوێچکەکانی ،
چەشنی توولەی پاسەوانی

تا دەی ئەکرد ئاغای ماکی
چەشتر ئەبوو بۆ ناپاکی •••

❋ ❋ ❋

ئازادیخواز ! گری •• گری ••
کەوتە ژێر پێی درنج ، پەری :

کۆریای ئازاد : سەرانسەری
دیسانەوە بۆ ( سینگمان ڕی )

---

(٣) کویسلینگ : بەرپرسێکی نەرویجی بوو لە جەنگی دووەمی جیهاندا ، بەپێچەوانەی سوودی خەباتی ئازادیبەخشی وڵاتەکەی ، دەستی لەگەڵ نازییەکانی ئەڵمانیا تێکەڵکرد . م.م.ك.

لە کێ ؟ لە نەتەوەی کۆریا !
بۆچی ؟ چونکە مەردەو وریا !

مل کەچ ناکا بۆ ئیستیعمار
بۆ ناپاکی ناوخۆی زۆردار ..

ئەیەوێ ئازاد ، یەک گرتوو
بژی ، نەک وەک کوردی نووستوو .

ئەهرەمەن ، ئەکوان لەگەڵا ،
بۆمبای ئەتۆم لە باخەڵا ،

سەر پڕ لە سەودای بەدکاری ،
زۆر بە سووری و بە لاساری

بۆسەر کۆریا تاوی داوە
هەر کۆریای چی ؟ کۆریا داوە

دانراوە بۆ کۆتری شین :
مەلی ئاشتیی بەهەشتی ژین .

بە ڕاست و چەپا ئەگەڕێ :
خاپوور ئەکاو ئەکوژێ و ئەبڕێ ..

وەک دڕندە لاشەی نێچیر
شڕ شڕ ئەکا بە کەڵبەی پیر .

شەرمیش ناکا ، داڕزیوە ،
بە لمۆزی خوێناویوە

ڕووی دەم ئەکاتە ئەنجومەن
ـ ئاخ دەست ناگاتە ئەنجومەن ! ـ

کۆرپای ئازاد : سەرانسەری
دیسانەوە بۆ ( سینگمان ڕی ) ،

تەخت‌و تاراجی تێك‌درا
لە فەرمانی ( ماك ئارسەر )ا !

ماك ئارسەری خوای سینگمان ڕی ••
ئازادی‌خواز ! گری •• گری ••

* * *

ئەی ماك ئارسەر ، ماك ئیستیعمار !
هێزی پێ‌شێل‌کەری هەژار !

ئەی چەنگیزی ژێر باڵی داڵ !
کۆنە تینووی خوێناوی ئاڵ !

تێغی زۆرو ستەم ساو دە
ئەسپی جیهان‌گیری تاو دە

بڕۆ بگرەو شەق‌و پەق کە ••
لە دیلی گیراو چاو زەق کە ••

پێش پێ تێنان شار خاپوور کە ••
ئاسمانی وەك تەنوور سوور کە ••

بە ئاگری ( نیرۆن )واری ، [٥]
با بسووتێ شارەو شاری ••

---

(٥) نیرۆن‌وار : لە چەشنی نیرۆن . نیرۆن ئیمپراتۆری ڕۆما بووە ، هەروا بۆ سەیر شاری ڕۆمای ئاگرتێ‌بەرداوە . م.م.ك.

(١)

ئەی کۆترە سپیەکەی ناو هێلانەی بەرز !
لە گیانی پیکاسۆ ئیلهام ئەکەم قەرز

ئەمەوێ بتخەمە سەر باڵی فڕین
بە ڕاستی بتنێرم نەك بە خەوبینین .

بۆ شارێك : هەزاران لاوانی جیهان
بۆ ئاشتی ئەبەستن تیایا میهرەجان !

لاوانی حەوت کیشوەر لە بوخارستن ،
بە هەوای برایی‌و ئاشتی سەرمەستن !

بە صەدو یەك دەم‌و زمـانی جیاواز
لەگەڵ یەك گەرم‌ئەکەن گۆڕینەوەی ڕاز

بـە صەدو یەك دەم‌و زمان ئەوترێ :
« ئەی هاوڕێی دوور وڵات ، تۆم زۆر خۆش‌ئەوێ ! »

قسەی‌وا پیرۆزی پڕ خۆشەویستی
تێی‌ئەگا هەر لاوێك ـ بە گوێی دڵ ـ بیستی ..

بزەو لەبزی شیرین ، نیگای گەرم‌و گوڕ ،
چوونە کوڕی یاری‌و ، دانسی کچ‌و کوڕ ،

(٣)

ئەی کۆتر ! ئەی ڕەمزی ئاشتیو ئاسایش !
ئەمەیە ــ کە لاوان کردوویانە ــ ئیش ••

بۆ ئاشتی گلێرن •• بۆ خۆشەویستی ••
لە ڕێگای ئامانجا لاو ناکا سستی ••

دلنیاین دەزگای شەڕ سەرەوژێر ئەکەن
ئەمڕۆ بێ ، سبەی بێ ، بە ئامانج ئەگەن ••

ئەو تۆوەی ئەیچێنن ، بە نیازی پـاك
بەهەشتێك ئەڕوێنێ ــ بۆگشت ــ لە ڕووی خاك !

لاوانێك لە پشتی ئەوان دێنە خوار
دنیایەك ئەبینن دوازە مانگ بەهار •

نە فرمێسك ، نە نالە ، نە هەناسەو خەم
ئەو دنیا جوانەیان ناخاتە ژێر تەم !

ئینسانی ئەو حەلەی بۆ خۆشی هەولدەر
بێخەمو بەختیار ژین ئەباتە سەر ! •••

(٤)

ئەی کۆتر ! ئەی شابالّ مەشخەلی سپی !
بۆ گەشتی بوخارست ئەبێ ڕابەر بی

ڕێگای ڕاست پیشاندەی بە لاوانی کورد
دوشمن ڕێی تەنیون بە داوی ورد ورد •

دوشمنی گەورەی کورد ، ئیستیعماری پیر ،
نۆکەری هانداوە دەستبدەنە شیر

به ڕاستو بە چەپــا مل بپەڕێنن
سزای ئاشتیخوازی لە گەل بسێنن !

ئەم چلکاوخۆرانەی ئیمپریالیزم ،
پاڵەوان کەچەلی ڕێگای فاشیزم

هەریەکە لەلایەك دیکتاتۆرێکن
بۆ بێشەرمی کردن ئێسترە تۆرێکن !

جووتەمان لێ ئەدەن ، گازمان لێ ئەگرن ،
نەختێك حەق داوا کەین لەداخا ئەمرن .

ڕەخنەیان لێ بگرین ڕەخنەیەکی ڕاست
سوێن ئەخۆن بە خەروار ، کە زۆر ڕەش بوو ماست !

بڵێین : ( لەل ) وەکوو هار دەستئەدەنە شیر
ئەوەندە ترساون لە ئازادیی بیر !

ترساون ، بە ڕاستی ئەوەن ترساون ،
هەموو لەش هەر گوێچکەن ، هەموو لەش چاون !

حیسابی جووڵەی موو ، دەنگی نەبزی دڵ
ئەپرسن لەو لاوەی کە لێی ئەکەن سڵ ! ..

بۆیە تۆم پێویستە بۆ ڕێی میهرەجان
لاوەکان لە دەستم نەچن ، کۆتری جوان !

کورد لاوی هۆشیارو نەختێك خوێندەوار
تاقە یەك شك ئەبا ــ بەلکو ! ــ لە هەزار !

(٥)

لاوی کورد : زنجیری دەرەبەگ لە مل
شەوو ڕۆژ ڕەنجئەدا بێ نانو بێ جل

یان لەپڕ ئەیگرن ، ئەیخەنە ژێر چەك
بۆ ئیمپریالیستی ئاغای دەرەبەگ

یان لە ئیحتیکاری نەوتا پاڵەیە
ڕۆژی چەوسانەوە ، شەوی ناڵەیە

یان کەمەر شکاوی کۆڵی گرانە
بەئەرزا کشانی بۆ سواڵی نانە

یان لەسەر سووسەیەك بیرو بڕوای سوور
ئەیبێرن زنجیربەند بۆ زیندانی دوور !

ئەگەر هات بەڵگەیەك کەوتە دەست میری !
هەر سەرەو ئەپەڕێ بە دەمی شیری !

وا قورس بێ چەپۆکی کۆنەپەرستی
ئیتر لاو چۆن بیا بۆ قەڵەم دەستی ؟...

ئەم لاوە کەمانەی کە خوێندەوارن ،
ڕێنگا پیشاندەری گەلی ژێر بارن ،

ئا لەبەرئەوەیە زۆر بە خەمخواری
ئەسپێرێ بە تۆ لاو لە کوردەواری !

لە ڕەمزی بەرزی تۆ وەهام تکایە :
شاباڵی سپیتی بۆ بکەی بە سایە

تا ئەیەی ئەیخەیتە کۆڕی میرەجان
با دەمی بگاتە لاوانی جیهان

لەو کۆڕە پیرۆزو بەرزەی لاوانا
بنوێنێ (ئاشتی‌خواز) لە کوردستانا !...

(٦)

ئەمەوێ لاوی کورد بخاتە سەر دەست :
ئەو دڵ گەرمەی خۆی کە پڕە لە هەست

بیگێڕێ بەناو گشت دەستەی لاوانا
هەستی خۆی جاڕبدا بەناو جیهانا !

نەڵێ من کوردمو دواکەوتوو و بچووك
ئەترسم ببینرێم بە چاویلکەی سووك .

شەبەقێك هاتوەتە ئاسۆ بۆ ئینسان :
نانوێنێ بچووکی‌و گەورەیی گەلان ...

شەبەقێك لە ڕۆژی مارکس‌و لەنین
مەشخەڵ بوو بۆ دەستی هاوڕێ ستالین

ئێستاکە خەلیفەی گرانبەهای ئەو
جیهانی پێ ئەبا بۆ ئاشتی بەدەو ..

ئەوڕۆژەی کە ڕەنگی پێست ، ژمارەی سەر ،
جیاوازیی چین‌و دین ئەگرێ بەرامبەر

لە ڕۆمانیا چەند ڕۆژێك هەتاو
بۆ لاوی کورد ئەکا بە زاخاوی چاو !

ئەگەڕێ ، تەماشا ئەکاو ئەبینێ :
گەلێکی تێکۆشەر ئەژی ، چۆنێ ؟

لە شوێنی کەلاوەی وێرانی مێژوو
دایناوە چ کۆشکێ بە مێشك‌و بازوو

کەچی شەڕفرۆشی خاوەن سەرمایە
دەستێکی میکرۆبەو دەستێك بۆمبایە

مرقی خۆش کردووە ئەم دەزگا جوانە
خاپوور کاو ، بایەقوش تیا بگرێ لانە !

(٧)

بەڵام ، ئەی باڵداری سپیی ئاشتی !
دووبارە پێت‌ئەڵێم گەرچی پێم‌وتی :

لاوانێك کە ئێستا لە بوخارستن
نوێنەری گەلانی ئاشتی‌پەرستن !

بڕوانە ماسوولکەی لەشی پۆلایان
بڕوانە پرشنگی عەزمی نیگایان

بڕوانە یەکیەتیی مێشك‌و دڵیان ..
بڕوانە ئارەزووی بۆ ژین بەکوڵیان ..

ئەمانە خۆیان‌و گشت هاوتەمەنیان
بۆ پاسی ئاشتیی دنیاو وەطەنیان ،

لەشکرین ، ئامادەن بین بە عەسکەر ،
پێویست بێتە پێشێ درێغ نەکەن سەر !

# بۆ مایکل

ئەی ڕۆڵەی ئەثیل‌و جۆلیۆس ، ئەی مایکل !
ئەوەی تۆی هەتیو خست : جەورێکە زۆر زل ،

جەورێکە کراوە لە باوەڕ بە داد ،
لە سەربەستیی زانست ، لە بیری ئازاد .

کێردێکە بە دەستی خوێناویی تاوان
دراوە لە جەرگی هۆی فەخری ئینسان

ئەثیل‌و جۆلیۆسی دایك‌و باوکی تۆ
بۆ ئاشتی ئەیاندا لە یەك هەشت‌و نۆ ..

ئەیانویست زانستیان ، بەری مێشکیان ،
بێتە هۆی ڕووناکیی بەرچاو بۆ ژیان .

نەك دەزگای دۆزەخی قەلاچۆکاری
دروست کا بۆ دەستی سەرمایەداری ،

تا گۆشتی گیانداری ڕووی ئەرز بە یەك ژەم
دەرخواردی دێوێك بەن دایبچڕێوە دەم .

ئەم پاکی‌و پیرۆزی‌و بەرزیی نیازە
بە تاوان دانرا لە دنیای تازە ..

هەر لەبەر پەیکەری سەربەستیی بەرزا ،
وەك قۆچی قوربانی دران بە ئەرزا !

پەیکەری سەربەستی بە چاوی خۆی دی
ولاتی : دوو زانای مردن ، لەسەرچی ؟

لە پەڕەی تەئریخا سەرەك لەنکۆڵن
سەرشۆڕە لە شەرمی زانا وا کوشتن !

کوژران دایكو باوکت ، بەڵێ ، لەناوچوون
لە ڕێی باوەڕیانا بە قوربانی بوون !

تۆو ڕۆبەرت ئێستاکە جووتێك هەتیون
خەم خواردن ئەو بزەی لە لێو بڕیون

کە تا مرد بۆ دایکت هۆی گەشیی دڵ بوو
دوا نامەی بۆ بزەی لێوتان بە کوڵ بوو ؟

* * *

ئەی مایکل ! ئەی ڕۆبەرت ! ئەی نازدارەکان
وتتان کرد باوەشی گەرمی دایکتان !

لێتانی شاردەوە هەوری ڕەشی مەرگ
پرشنگی باوکێتیی جۆلیۆس ڕۆزەنبەرگ

گرانە ، ئەزانم ، بێدایكو باوك مان
بۆ کۆرپەی وەك ئێوەی ئێسكسووكو جوان ،

بەڵام گەر ئەثیلو جۆلیۆسی زانا
نەبوورن لە خۆیان لە ڕێی ئینسانا ،

# مۆسکۆی جوان

ئەی مۆسکۆ ! ئەی ژنی جوانی سپی پۆش !
ناو دەمی ئاڵ پڕ لە گۆرانیی خۆش خۆش !

بە ئاوازەی ( ئۆرکسترا )ت وا مەستم ،
هەر شەپۆلی شیعرەو ئەدا لە هەستم !

لە هەنگوینی ئەفسانەی دانسی ( بالێ )ت ،
بە هەردوو چنگ ئەخۆم وێنەی برسیی شێت !

لەرەی دەنگی ( ئۆپێرا )کەت کە تك ـ تك ،
لەناو گوێوە ئەشتەر ئەدا لە گورچك ،

خونچەی تەڕی چیرۆکی بەستەکانی
بۆم ئەپشکوێت ، وەك گوڵی بەربەیانی !

ئەی مۆسکۆی جوان ، گەورە کچی ئوکتۆبەر !
حەوت ئەستێرەی یاقووت کە داوتن لە سەر ،

لەناو زیوی تەما گەش ئەجریوێنن ،
هەزار زوهرەی ئاسمانی شین ئەهێنن !

(مەترۆ)ت ئەڵێی نوێنەگای نیگارە ،
( مەیدانی سوور ) جێی هەزاران هەزارە !

تاقە گوڵی سووری جقەی دانشگات ،
عەتری شەپۆل ئەدا وڵات بە وڵات !

ڕۆژ لەنینەو لەسەر سەرت وەستاوە ،
ڕێگات ڕووناك وەك بەفری بەر هەتاوە !

منالەکەی ڕوومەت ئاڵی تێر شیرت
گوڵی پارکی ( گۆرکی ) دێنێتە بیرت ،

بۆیە کۆتری سپیو نەرمی باوەشت
مل هەڵئەسوێ ، بێ سڵ لە گەرمیی لەشت !

لەناو بەفری بەرپێتا واق وڕماوم ،
لە کام جوانیت نازانم ، بدرووم چاوم ؟! ...

* * *

ئەی مۆسکۆ ! ئەی ژنی جوانی سپی پۆش
هەر وەك : مەمێك زینێك ناکا فەرامۆش ،

هەتا ئەمرێ ... منیش ، هەتا ـ هەتایە
دلگیریی تۆم هەرگیز لە دڵ دەرنایە !

بە شەو چەمی گەوهەر بەندی پشتێنت
لێم ئەبێتە ئاوێنەی باڵا نوێنت ،

لەناو ئاوا مۆسکۆیەکی نازدارتر ،
لەنجەی دانسی گیان پڕ ئەکا لە ئاگر !

جادەی شۆڕاو بریقەی دێ وەك بلوور ،
تیا ئەلەرزێ ( وێنە )ی گڕی سەوزو سوور ،

بەرد بێتە گۆ ، ئێوە وس بن ،
دوورن لە یەك : مردوو و وتن !

دوایی مەبزوون ، بە موو چی‌یە ؟
جوولان بەڵگەی ژیاوی‌یە !

لە ڕووناکی بەرچاو ڕەش کەن ،
گوێتان لە بیستن بێ‌بەش کەن ،

ئاسۆتان تەنگ بێ وەك گۆڕم ،
هیچ مەگۆڕن ، وەك ناگۆڕم !

تا دنیا کۆن بێ هەروەك خۆی ،
هەوای تازە هەڵنەکا بۆی !

دەزگاتان وەك ئێسك ڕزیو بێ ،
وڵاتتان گلکۆی تەپیو بێ ،

ڕۆزی‌و ڕزقی بە سەر زیندووی
زیاتر نەبێ لە هیی مردووی ..

دوایی : ڕاستیی بێ‌زمانیم ،
دەرئەخا کوردی نەزانیم ،

لەبەرئەوە : کورد نیم ، نەکەن
دەمتان لە حەق بۆ کورد بدەن !

بەرگم ناوێ ، هەرزانیی جل
بۆ گەل هەرگیز نەگرنە مل !

( ف ـ ٢٥ )

# گۆرانیی کەو

قەقبە ، قەقبە ، قەقبە ، قەق !
شاخی بەرزو بەردی ڕەق ،
جێگای چێلەو جێگای بەق
قەقبە ، قەقبە ، قەقبە ، قەق !

بەفری تازەو بەفری پار ،
نابڕێ لە لووتکەو نزار :
نە پایزو نە بەهار ،
قەقبە ، قەقبە ، قەقبە ، قەق !

بەر بەڕۆچکەی ئەشکەوتم ،
زستان جێگای سرەوتم ،
مەڵبەندی چینەو ڕەوتم ،
قەقبە ، قەقبە ، قەقبە ، قەق !

ڕائەپەڕم بەربەیان ،
هەڵئەکشێم بۆ لووتکەی جوان ،
ئەخوێنم ڕوو لە ئاسمان :
قەقبە ، قەقبە ، قەقبە ، قەق !

وتم : تا بڵند بێ قوللەی دیوەخان ،
لە دڵما ناسرەوێ هەرگیز پێچی ژان !

نەکەن قەت بە ئاغاو بە شا لاس بخۆن :
کینەی خەست ڕەوایە بە دوژمنی کۆن !

ئەم ئێش و ئازارەم تا کەی ئەمێنێ ،
لە دەستما وەك سونگی قەڵەم ئەنوێنێ ••

سنگیشم توێ توێ بێ و ، هەڵکشێم لە خوێن ،
بۆ سوڵتان و شاهان نابم سەرنەوێن !

دڵنیام ئەو کۆشك و سەرا خوێنینە ،
ڕۆژێك دێ نەمێنێ لەم سەرزەمینە •

پێم وتن : لە مردن من باکم نی‌یە ،
هەرکەسێ باکی بێ لە خاکم نی‌یە !

لە هەڵدێر فڕێم‌دەن ، پارە پارەم کەن ،
بمگرن ، گەردنم لە سێدارە دەن ،

با زۆردار بزانێ : هەتا بمێنم ،
لەڕێی ئازادیدا خەبات ئەنوێنم !

(فەقێ) بۆ هەژاران تەموورەت لێدە ،
لە نووکی قەڵەمت گەوهەر فڕێدە ••

دێ بە دێ جاڕ بدە هەر لە ئێستاوە :
مژدە بێ ، ئازادی دێتە دنیاوە ! ••

تا جەژنی گەلمان گوڵی ئازادی
بۆن بکاو دڵی پڕ بێ لە شادی [1]

- ٧ -

شۆڕشی تەمووز نەورۆز باس ئەکا
دیجلەمان ڕووی دەم لە ئاراس ئەکا
بۆیە هەلهەلەی جەژنی ئەمسالمان
گوێی دوژمنانی گەلمان کاس ئەکا

- ٨ -

ڕووی دنیا سەوزەو ناوبەناو ڕەنگین
لووتکەی شاخ سپی و ڕەنگی ئاسمان شین
لە دنیای جوانی جەژنی نەورۆزا
بە خۆشیی و شادیی و سەربەستی بژین

- ٩ -

جەژنی گەلەو جەژنە پیرۆزەی لاوان
شادیی و هیوای لە گشت دڵێکا بزوان !
ئەی جەژنی گەل وەك دواڕۆژی گەل خۆش بی !
سەرانسەر هەر ئاشتیی و ئازادیی و نۆش بی !
لە ئاهەنگی برایەتیی گەلانـا ،
مەشخەڵێك بی نۆش لەناو مەشخەڵانا ! [1]

---

- ٦ -

(١) مامۆستا گۆران ئەم چوارینەو دوو چوارینی پاشەوەی بۆ چاپکردنیان لەسەر کارتی جەژنە پیرۆزەی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ داناوە. م.م.ك.

- ٩ -

(١) مامۆستا گۆران ئەم سێ بەیتەی لە ١٩٦٠دا بە داوای لاوانی دیموکراتی سلێمانی داناوەو ، ئەوانیش لەسەر کارتی جەژنە پیرۆزە لە چاپیانداوە. م.م.ك.

هەڵبەستی ڕەنجاو ........ ٣٧
هەڵبەستی پەشیمان ........ ٣٩
بۆ گەورە کچێک ........ ٤١
نیاز ... ........ ٤٢
جوانی بێ ناو ........ ٤٥
بۆ کچێکی بێگانە ........ ٤٧
ئاهەنگێک لە ناوڕان ........ ٥٠
شەوێك لە « عەبدوڵلا » ........ ٥٣
بووکێکی ناکام ........ ٥٧
لە لادێ ........ ٦٠

## یادگاری کۆن

### غەزەلیات

ئەڕۆی ئۆغر ........ ٦٣
هەرچەن ... ........ ٦٤
ئەی شەوقی گەلاوێژ ! ........ ٦٥
تاوێ نەگەڕا .. ........ ٦٧
لە بەختی تار .. ........ ٦٨

### لاسایی ئەدەبی عوسمانی

کەنیشکە جوانەکە ! ........ ٧٠
مەدەنییەت ........ ٧١
سێبەری هیوا ........ ٧٣
ژن ........ ٧٤

بۆ هیوای کورم ..... ٢٠١
ـار ..... ٢٠٤
دوا سرنـج ••• ..... ٢٠٦
ەردەنووسێـك ..... ٢٠٩
ـاله مـرد ..... ٢١٢
ـه بەندیخانـه •• ..... ٢١٤
ەڵامی پـرس ..... ٢٢١
ۆ گوڵی لاولاو ..... ٢٢٣
ەی نەی ..... ٢٢٤
اوێنەی هەستیم ..... ٢٢٥
ەنـگی پـەستی ..... ٢٢٦
ێـان ..... ٢٢٨
ه کەرکووکەوە بۆ دایکم نووسیوە ..... ٢٣٠


کۆمـەڵەی چـوارەم

## لاوك و پەیـام


وکی سوور بۆ کۆریـای ئازا ..... ٢٣٣
یامی کورد بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجانو قوتابیان لە بوخارست ٢٥١


کۆمەڵەی پێنجەم

## لە کـۆڕی خەباتـا


ەهیـد ..... ٢٦٥
نـدانی ئەژدەهـاك ..... ٢٦٨
ـەستەی نەبـەز ..... ٢٧٠
بنی بـیرا ..... ٢٧٢

بـــۆ مایـــکل ........ ٢٧٥
بانگێك ••• بۆ پۆل ڕۆپسن ••• ........ ٢٧٨
لە زیندانا چواردەی تەمووز ........ ٢٨٠
بت ـ بتـــەوان ........ ٢٨٢
شۆڕشگـــێڕ ........ ٢٩٣
تاسەی دیـــدار ........ ٢٩٦
بۆ سەربـــازی جومهووریمان ........ ٢٩٩
مۆسکۆی جـــوان ........ ٣٠٣
ڕێـــگای لەنـــین ........ ٣٠٦
نـــەورۆز ........ ٣٠٩
بە ڕێـــگادا •• بەرەو کۆنفرانس ........ ٣١١
نـــەورۆزی ٦١ ........ ٣١٧
چیرۆکێـــکی برایـــەتی ........ ٣٢٠
مۆسکۆی ئەیـــار ........ ٣٢٤
بێشکەی منـــاڵ ........ ٣٢٦
تـــیرو کەوان ........ ٣٢٧
بـــۆ لاوان ........ ٣٣٠

## دڵـــۆپی مرواری

ئاوابووێك ........ ٣٣٧
یـــادی ( بێ‌کەس ) ........ ٣٣٩
یـــادی پیرەمێردی بوێژ ........ ٣٤٢
٣٥٥

A PUBLICATION OF
**THE UNION OF THE KURDISH WRITERS IN IRAQ**

THE COMPLETE WORKS OF KURDISTAN'S IMMORTAL POET

# ABDULLA GORAN

VOL. I

## POETICAL WORKS

COLLECTED, PREPARED, COMMENTED ON AND INTRODUCED TO

BY :

**MUHAMMAD I MALA KAREEM**

IRAQI ACADEMY PRESS
BAGHDAD — 1980

---

بیست هەزار دانە لەم کتێبە لەچاپدراوە

**لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا**
**ژمارە (۹٤۳)ی ساڵی ۱۹۸۰ی دراوەتێ**

**دانەی بە دوو دینارە**